# حوکمی جنێودان یا سووکایەتیکردن بە پێغەمبەر (ﷺ)

[ کردي – کوردی – kurdish ]

**هێمن عبد العزیز**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حكم السب والاستهزاء بالرسول ﷺ

« باللغة الكردية »


## هيمن عبد العزيز

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی جنێودان یا سووكایەتیكردن بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو گۆڕەپانی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامی تەكان و تەوژمێكی گەورەی وە خۆوە بینی، تەكانێك كە لە سەدەی بیست و یەكەما ئەشێت ببێتە یەكەم و بەركۆڵی ڕووداوەكان كە پێش لە هەموو ڕووداوەكانی چەرخەكانی پێشوو بگرێتەوە.. ئیهانەكردن بە ئیسلام، ئیهانەكردن بە قورئان.. ئیهانەكردن بە پێغەمبەری پێشەوامان سەرتۆپی گەورەترین ئیهانە بوون لە جیهان .. ئیهانەكردن بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ئیهانەكردنە بە بیروباوەڕو هەست و سۆزی زیاتر لە ملیارێك مسوڵمان.. لەو زەمەنە پڕغوربەتییەی ئەهلی ئیسلام و بێ پەناو پەسیوو پشت و پەنای خواناسان و دەم بەستكردن و لە زیندانی هاویشتنی زاناو پێشەوایانی ئیسلام، كێ بێ ئەمرۆ هەڵسێتە سەرپێ و وەك شێر چەك لە خۆی داو مەیدان بخوازێت .. هەڵبەت زۆر كەمە كەمتر لە ژمارەی پەنجەكان، ئەوەندەی هەیشن سەر بازی وونن و لە بەر گرو گاڵی دەم هەڵقلێشاوانی دەزگا ڕاگەیاندنەكان وێنەی ڕاست و ڕاستەقینەیان شێلوەو كەس نایانناسێتەوە..

شاعیر ئەڵێت:

سوف إذا انجلى الغبار..... أفرس تحتك أم حمار

كە تەم و مژ ڕەوییەوە، ئەو دەم ئەزانیت لە ژێرتا هێسترە یاخود کەر.

بەڵام خۆ بەری دونیا بە پووش نەگیراوە گەر پیاوی ناو پیاوانمان بۆ هەڵنەکەوت هەر هیچ نەوێ با خۆ لە هێندێ شت بە هرەوەر کەین (أضعف الإيمان) یش بێ شتێ لە حوکمی خوا بەدیکەین و حوکمی جنێودان بە پێغەمبەری خوا(صلى الله عليه وسلم) لانیکەم لای وەلا کەین و چشتێکی لێ مسۆگەر کەین.

**خۆشەویستان.. خوێنەرانی هێژا**

حەز ئەکەم بۆ ئەو مەبەستە بەیەکەوە چەند لاپەڕەیەك لە کتێبی (الصارم المسلول على شاتم الرسول) هەڵدەینەوە کە (شيخ الإسلام ابن تيمية) لە سەر جنێویێك کە ئەو سەردەمە بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) گوتراوە هەڵساوە ئەم کتێبەی نووسیووە.. جا منیش لێرە زۆر بە کورتی و گوشراویی هێندێ نموونەی لێ ئەهێنمەوە، تا بزانین سوکایەتیکردن و جنێودان بە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لە ئیسلامدا چۆنە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُؤْذُونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَعَنَهُمُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَأَعَدَّ لَهُمْ عَذَاباً مُهِيناً﴾ [الأحزاب:٥٧] واتە: بێگومان ئەوانەی کە

ئازاری خواو پێغەمبەرەکەی (صلی اللە علیە وسلم) ئەدەن، خوا نەفرینی لێکردوون لە دونیاو ئاخیرەتدا، وە سزایەکی زۆر خەجاڵەت و سەر شۆڕ کەریشی بۆ ئامادە کردوون.

هەڵبەت گەورەترین کوفریش جنێو دانە بە خواو بە پیغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) یان بە کتێب و سوننەتەکانی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) .

کەواتە ئەوەی کە سووکایەتی بە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) ئەکات لای خوای پەروەردگار پووڵێکی قەڵب ناهێنێ و بێ بەش و ڕوو ڕەشی ڕۆژی دواییشە، جگە لەوە کە حوکمی کوشتنیشی ئەکەوێتە سەر، هەروەك لەو فەرموودەیە هاتووە کە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب (رضي اللە عنە) گێراویەتەوە کە دەفەرموێ: پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی: «من سبَّ نبياً قُتِلْ، ومن سبَّ أصحابه جُلِدَ»، کەسێك جنێو بە پێغەمبەرێك بدات ئەکوژرێت و ئەوەیش کە جنێو بە یارانی بدات شەلاقی لێ ئەدرێت.

هەروەها (شيخ الإسلام إبن التيمية) ڕەحمەتی خوای لێ بێت دەفەرموێ: (قال: ألإمام إسحاق بن راهويه أحد الأئمة الإعلام اجمع المسلمون على أن من سب اللە، أو سب رسوله صلى اللە عليه وسلم، أو دفع شيئاً مما أنزل اللە عز وجل، أو قتل نبيا من

أنبياء الله عز وجل، أنه كافر بذلك، وإن كان مقراً بكل ما أنزل الله) . واته: ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەی (بە ڕەحمەت بێت) کە یەکە لە پێشەوایان، ئەڵێت: تێکڕای مسوڵمانان لەسەر ئەوەن کە کەسێك جنێو بە خوا یان بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بدات، یان شتێك لەوە ڕەت بکاتەوە کە خوا دایبەزاندووە، یان پێغەمبەرێك لە پێغەمبەرانی خوا (عليهم السلام) بکوژێت، ئەوە کافرە، ئەگەریش دان بە هەموو ئەوانەش دا بهێنێت کە خوا دایبەزاندوون.

هەروەها (محمد بن سحنون) دەڵێت: (أجمع العلماء على أن شاتم النبي (صلى الله عليه وسلم) والمتنقص له كافر) . واتە: تێکڕای زانایان یەك دەنگن کە ئەو کەسەی جنێو بە پێغەمبەر [ صلى الله عليه وسلم ] بدات یان لە شان و شکۆی کەم بکاتەوە کافرە.

هەروەها دەڵێت: (أن الساب إن كان مسلماً فإنه يكفر، ويقتل بغير خلاف وهو مذهب الأئمة وغيرهم) واتە: ئەو کەسەی کە جنێوەکە ئەدات گەر مسوڵمان بێت ئەوە پێی کافر ئەبێت و ئەشکوژرێت بە بێ هیچ شەك و گومانێك، ئەمەش ڕای هەر چوار مەزەب و مەزەبەکانی ترە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَمِنْهُمُ الَّذِينَ يُؤْذُونَ النَّبِيَّ وَيَقُولُونَ هُوَ أُذُنٌ قُلْ أُذُنُ خَيْرٍ لَكُمْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَيُؤْمِنُ لِلْمُؤْمِنِينَ وَرَحْمَةٌ لِلَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ

﴿وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ رَسُولَ اللَّهِ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ [التوبة:٦١] واتە: هێندێکی تر (لە دوو ڕووەکان) ئەوەندە نەفامن، ئازاری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەدەن، بەوەی کە دەڵێن: (محمد) گوێ بۆ هەموو کەس دەگرێت، پێیان بڵێ: گوێیەکی خێربیستە بۆتان، باوەڕی پتەوی بە خوا هەیە، باوەڕی (بە ڕاستگۆیی) ئیمانداران هەیە، ڕەحمەتیشە بۆ ئەوانەتان کە باوەڕیان هێناوە، بەڵام ئەوانەی ئازاری پێغەمبەری خوا دەدەن سزایەکی بە ئێش بۆیان ئامادەیە.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحَادُّونَ اللَّهَ وَرَسُولَهُ أُولَئِكَ فِي الْأَذَلِّينَ﴾ [المجادلة:٢٠] واتە: ئەوانەی کە دژایەتی خواو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەکەن لە هەموو کەس سەر شۆڕترو ڕیسوا ترن.

هەر بۆیە خوا لە وەسفی ئیماندارانی ڕاستەقینە ئەوە ڕەت ئەکاتەوە کە دۆستایەتیکردنی دوژمنانی خواو پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پیشەی ڕاست و درووستییان بێت، وەك دەفەرموێ: ﴿لا تَجِدُ قَوْماً يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْأِيمَانَ وَأَيَّدَهُمْ بِرُوحٍ مِنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ أُولَئِكَ حِزْبُ اللَّهِ أَلا إِنَّ حِزْبَ اللَّهِ هُمُ

الْمُفْلِحُونَ ﴾ [المجادلة:٢٢] واتە: نابینیت کەسانێك باوەڕیان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەبێت کەسانێکیان خۆش بوێت کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، هەر چەندە ئەو دوژمنانە لە باوانیان یان نەوەکانیان یا براکانیان یا عەشیرەتیان بن، ئەوانەی کە بەو شێوەیەن، خوا باوەڕی لە دڵیاندا چەسپاندووەو جێگیری کردووە، وە لە بەهرەو میهرەبانی تایبەتی خۆی پشتگیری کردوون و یارمەتی داون، سەرەنجامیش دەیانخاتە باخاتی بەهەشتەوە کە جۆگەو ڕووبار بە ژێر درەخت و کۆشکەکانیاندا تێدەپەڕێت، هاوڕێ دەگەڵ ژیانی نەبڕاوەدا، ئەوانە خوا لێیان ڕازییەو ئەوانیش لە خوا ڕازین، ئا ئەوانە دەستەو تاقم و لایەنی خوای گەورەن، ئاگاداربن کە بەڕاستی هەر لایەن و دەستەو تاقمی خوا سەر کەوتوو و سەر فرازن.

هۆی دابەزینی ئەو ئایەتەش ئەوەبوو، کە یەکێك لای ئەبوو بەکری سەددیق جنێوی دا بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەبوو بەکریش ویستی بیکوژێت، ئینجا ئەو ئایەتە دابەزی.

یان دەڵێن کەوا (ابن أبيٍّ) لای کوڕەکەی کارەکانی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ی بە کەم نرخ ئەزانی، ئەویش هات شکاتی لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) کردو داوای

ئیزنیشی لێ کرد کە بچێت باوکی لەسەر ئەوە بکوژێت، ئینجا ئەو ئایەتە دابەزی.

## جنێودان بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) لە فەرمایشتەکانی خۆیدا:

هەمووومان چیرۆکی کەعبی کوڕی ئەشرەف دەزانین کە چۆن بە هۆنراوە سووکایەتی بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) و خاو خێزانەکانی ئەکرد! پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: « من يكفيني عدوِّيَ » واتە: کێ ئەو دوژمنەم دە کۆڵ ئەکاتەوە، موحەممەدی کوڕی مەسلەمە (خوا لێی ڕازی بێت) هەڵسایە سەر پێ و گوتی: من ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) . ئەویش وەك پیاو خۆی بۆ ئامادە ئەکات، هەر ئەو شەوە کە کەعب خۆی بۆ شەوی زاوایەتی ئامادەکردبوو، موحەممەدی کوڕی مەسلەمە کە ڕێگەی لە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) وەرگرتبوو کە هەر هۆیەك بە کار بهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی لە لای کەعبی کوڕی ئەشرەف شیرن و دڵنیا بکات و بیگرێتەبەر.. موحەممەدی کوڕی مەسلەمە بانگی ئەکات و ئەویش زۆر بە سەربەستی و دڵنیاییەوە وە دەنگ موحەممەدی کوڕی مەسلەمە ئەچێتە دەرەوە، ئەڵێت: کەعب ئەمشەو تۆ بۆنت زۆر خۆشە حەز ئەکەم کەمێ خۆت بۆم نەوی

بکەیت و کەمێ بۆنت بکەم، ئەمیش خۆی بۆ نەوی ئەکات و موحەممەدیش بە هەموو هێزی خۆی شمشێرکەی لە سکی کەعب توووند ئەکات و لە خوێنێ دا ئەیگەوزێنێ! پاشان جێی ئەهێڵێت: بەڵام بە گومان ئەبێت لەوە کە کەعب مردبێت، بۆیە دیسان ئەگەڕێتەوە سەری و خۆی دە مامك ئەداو ئەڵێت: ئەوە چیتە کەعب؟ ئەویش کە نایناسێ و ئەڵێت: فولانە کەس شمشێری لێ قایم کردووم، موحەممەدی کوڕی مەسلەمەش کە ئەزانێت هێشتا نەمردووە، یەکسەر سەری لە لاشە جیائەکاتەوەو بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ی ئەهێنێتەوە.!

هەروەها شەعبی لە عەلی کوری ئەبو تاڵیب (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕتەوە دەفەرموێ: ئافرەتێکی جوولەکە جنێویدا بوو بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) پیاوێکی مسوڵمان کە ئەمە ئەزانێت ئەچێت دەستی لە گەرووی ئەنێ و ئەیخنکێنێت، کەچی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) خوێنەکەی بە حەڵاڵ زانی (رواه ابو داود).

هەروەها (مغیرة) لە شەعبی دەگێڕێتەوە کە پیاوێکی مسوڵمانی کوێر هەبوو ئافرەتێکی جوولەکە لە ماڵی خۆی ئەیحەواندەوەو خواردن و خۆراکی پێ ئەدا.. بەڵام چون

ئەفرەتەکە زۆر جنێوی بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەداو ئازاری پێ ئەگەیاند، شەوێ کابرای کوێر دەرفەتی لێ ئەهێنێ و دەستی دە قورگی دەنێو ئەیخنکێنێت! کە بەیانی ئەبێتەوە باس و خواسی ئافرەتەکە بڵاو ئەبێتەوە، کابرای کوێر بۆ خۆی ئەچێتە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و کارەکەی درووست بۆ ئەگێڕێتەوە، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) چاو پۆشی لێ ئەکات.

هەروەها لە ئیبن عەبباس (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕنەوە کە پیاوێکی کوێر ژنێکی هەبوو جوێنیدا بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەمیش زۆر ڕێگری لێ ئەکرد کە دا کەسێ و دەست لەو سوکایەتیانەی هەڵگرێت کەچی ئەو قەبوولی نەبوو!!. شەوێك ئافرەتەکە هەمدیس دەستی بە سووکایەتییەکانی ئەکاتەوە، کابرای کوێری مێردیشی لە ڕقا پاچێك ئەهێنێ و لە سەر سکی ئافرەتەکە دا ئەنێ و خۆی بەسەر دا ئەداو سکی دوو بەدەر ئەکاو فەڕاقی ڕەشی لێ ئەبڕێت! کە بەیانی بووەوە ئەم کارە گەیشتەوە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، پێغەمبەر یش (صلى الله عليه وسلم) خەڵکی کۆ کردەوەو فەرمووی: بۆ هەقی ئەوخوایە ئەو کەسەی کە ئەم کارەی کردووە لە پێناو ئەو هەقەی کە من هەمە لەسەری با ڕاست و درووست خۆی ئاشکرا بکات، ئینجا کوێرەکە هەڵسایەوە و هاتە خزمەت پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و گوتی: ئەی

پێغەمبەری خوا من مێردی ئەو بوو وم ، دوو مندالّم لێی هەیە ئەلّێیت مۆریەو مەرجانن، ئەو ئافرەتە هاوڕێ و هاودەمی من بوو، دوێ شەو زۆر جنێوی ناشرینی پێ گوتیت، منیش پاچەکەم هێنا لە سەر سکیم ڕاگرت و خۆم خستە سەری و کوشتم، پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: «ألا أشهدوا أنَّ دمها هدرٌ» [رواه ابو داود والنسائى] "الصارم المسلول" واتە: بزانن کە ئەوە من شایەتی ئەدەم کە ئەو ئافرەتە خوێنێ بە هەدەر چوو، (واتە: خوێنەکەی حەلاّل بوو!).

هەروەها لە هەردوو (صحيح) ەکە هاتووە کەوا: لە ئەنەسی کوڕی مالك دەگێڕنەوە دەفەرموێ: لە فەتحی مەککە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئاماژەی بە چەند کەسێك داو فەرمووی: (أقتلوهم ولو معلقين بأستار الكعبة) واتە: بیانکوژن ئەگەر خۆشیان بە پەردەی کەعبەوە هەلّبواسن! ئەلّێت: (ابن خطل) چوو خۆی بە پەردەی کەعبەوە هەلّواسی، کەچی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی بڕۆن بیکوژن ! ( ابن خطل) یەکێك بوو لە بەنی تەمیم پێیان دەگوت: (ابن عبد العزى بن خطل) کاتی خۆی دێتە لای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) و مسولّمانبوونی خۆی ڕائەگەیەنێت و ناوی لێ ئەنرێ عەبدوللاّ، لە دواییا لە ئیسلام پاشگەز ئەبێتەوە! ئەم پیاوە دوو ئافرەتی سەما کەرو گۆرانی بێژی ئەبێت و لە گۆرانی یەکانیانا سوکایەتیان ئەکرد بە پێغەمبەر (صلى الله

علیه وسلم) و مسوڵمانان! هەر بۆیە پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) خوێنەکەی حەڵاڵ کرد، هەرچەندە خۆی بە پەردەی کەعبەشەوە هەڵواسی، هەر هانیانە خوارو کوشتیان.

هەروەها (ابي بكر عبدالعزيز) فەقیهـ لە (ابي برزة) دەگێڕتەوە دەفەرموێ: پیاوێك جنێویدا بە ئەبو بەکر (رضي الله عنه) ! گوتم: ئەی جێنشینی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) نەچم لە گەردەنی بدەم؟ ئەڵێ ئەبو بەکریش وە ڕووم دا هەڵشاخاو گوتی: ئەم حوکمە تەنها بۆ کەسێکە کە جنێو بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) بدات. (رواه النسائي).

هەروەها لە چیرۆکی (عصماء بنت مروان) کە (ابن عباس) ڕەزای خوای لێ بێت دەگێڕتەوە، دەفەرموێ: کە (عصماء) چڵمی بۆ سوکایەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فڕێ ئەدایە زەوی، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: کێ ئەو ئافرەتەم لە کۆڵ ئەکاتەوە؟ پیاوێك بە نێوی (عمير بن عدي الحطمي) هەڵسایەوە گوتی: من ئەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) هەڵساو ئافرەتەکەی گرت و کوشتی، هەواڵیان بۆ پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) هێنایەوە فەرمووی: دوو بزن قەت قۆچ لە یەکتر نادەن (واتە: هیچ تاوانێکت بۆ نییە)، پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) چاوێکی بە دەرو بەری خۆی گێڕاو فەرمووی: گەر دەتانەوێ سەرنجی پیاوێك بدەن کە

خواو پێغەمبەری بە نهێنی پاراستووە با سەیری (عمیر بن عدي) بدات. (الصارم المسلول ٩٥)

هەروەها لە (عمیر بن عدي الخطمي) دەگێڕنەوە دەفەرموێ: (عصما بنت مروان) كە لە بەنی(امیة بن زید) بوو بە شیعر سوكایەتی بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) دەكرد!، (عمیر) دەڵێ: بڕیارمدا كە بچم بیكوژم! چوومە سەر وەختی و بینیم كە منداڵەكانی لە دەروو بەرییەوە نوستوو ون! یەكێشی لە باوەش گرتووە شیری پێ ئەدا، دەلێ منیش شمشێرێكم لە وورگی وەشاندو لە پشتیەوە دەرمكرد، ئەڵێ پێغەمبەریش (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی: (أقتلت بنت مروان) ؟ كچی مەڕوانت كوشت؟ ئەڵێ منیش گوتم: بەلێ، بە دایك و باوكمەوە بە قوربانت بم، ئەڵێ لەوە ترسام كە لەو كارەی كە لە دەرهەق ئەو ئافرەتە كردوومە زێدەڕەویم تیا كردبێت، كەچی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) فەرمووی قەت دوومەڕ قۆچ لە یەكتر نادەن (واتە هیچی بۆ نییە).

هەروەها (إبن عفك یهودي) كە تەمەنی سەدو بیست ساڵ بوو جنێویدا بە پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) ، سالمی كوڕی عومەیریش گوتی نەزربێ لەسەرم كە ئەبێ (أبا عَفَكٍ) بكوژم یاخود لە پێناویا سەر دا ئەنێم و ئەمرم. بۆیە شەو ئەچێتە سەر وەختی و شمشێرێك ئەدات لە جەرگی و ئەیكوژێت. (الصارم المسلول ص٧)

هەروەها ئافرەتێکی تر بە نێوی (فرقني) بە گۆرانی سووکایەتی بە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) دەکرد و پێغەمبەریش (صلی اللە علیە وسلم) فە رمانی کوشتنی بۆ دەرکردو پاشان کوشتیان.

**سوکایەتیکردن بە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) لە دیدو بۆچوونی زانایاندا:**

١. (أبو بكر الفارسي) کە یەکێکە لە پێشەوایانی مەزەبی ئیمام شافعی لە کتێبی (الإجماع) دا ئەڵێت: جنێو دان بە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) بە پێی کۆڕای زانایان کوفری ئاشکرایە، ئەگەر ئەو کەسەی کە جنێوەکە ئەدات تۆبەش بکات، هەر حوکمی کوشتنی لەسەر لا ناچێت، چونکە حوکمی تۆمەت بۆ بەستن کوشتنە، حەددی تۆمەت هەڵبەستنیش بە تۆبەکردن لا ناچێت.

٢. (القاضي عياض) بە ڕەحمەت بێت ئەڵێت: من هیچ ناکۆکییەك نابینم لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسەی جنێو بە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) بدات خوێنی حەلالە.

٣. (ابن الحزم) بە ڕەحمەت بێت ئەڵێت: کەسێ بێ ڕێزی بکات بە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) یا بە وەسف و ئاکاری

بکات، یان گاڵتە بە شایەتمانی هێنان بە پێغەمبەر بکات ئەوە کافرەو هاوتا دانەرو هەڵگەڕاوە لە ئیسلام، حوکمیان وەك حوکمی جوولەکەو گاوران وایە و خوێن و ماڵیان لە مسوڵمانان حەلالە.

٤. ئیمامی (السبكي) بە ڕەحمەت بێت، ئەڵێت: تێکڕای زانایان هاودەنگن لەسەر ئەو کەسەی کە جنێو بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بدات کافرەو ئەوەی گاڵتەش بەو حوکمە بکات هەر کافرە.

٥. هەروەها ئیمام ئەحمەد (بە ڕەحمەت بێت) دەڵێت: کەسێك جنێو بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بدات ئەوە کافرەو ئەبێ بکوژرێت.

٦. (أبو يوسف) کە یەکە لە هاوڕێیانی (أبي حنيفة) ئەڵێت: کەسێك جنێو بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بدات یاخود بە درۆی بزانێت یان عەیب و گارەی لێ بگرێت، ئەوە کافر بووە بە خواو تەڵاقیشی لە خێزانی ئەکەوێت.

٧. ئیمام مالك (بە ڕەحمەت بێت) ئەڵێت: کەسێك جنێو بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بدات حوکمی کوشتنی ئەکەوێتە سەر بە بێ ئەوەی داوای تەوبەی لێ بکرێت.

**خۆشەویستان .. خوێنەرانی هێژا:**

ئەوەندەی کە باسمان کردن هەڵبەت مشتێك بوون لە نموونەی خەروارێك، ئەنا چەندی هەوڵ دەین و بمانەوێ نموونەی تر لەسەر بەکافرکردن و دەربڕینی حوکمی کوشتن بۆ ئەو کەسانە بهێنینەوە کە سووکایەتی بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەکەن و جنێوی ناشرینی پێ ئەدەن، ئەوە هێندە زۆرە وە بەری ڕا ناگەین.. بەڵام کورد گوتەنی بەندە لوێچێکم لە تەغارێك بە ئێوەی خۆشەویست نیشان داوە کە پێم وایە کەسێ کە تێ بگا و وەیخوێنێتن تێ ئەگاو پێ ئەگا لەوە کە شمشێری هەق و عەدالەت بەر ملی کەسێکا کە جنێو بە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەدات.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله صحبه وسلم تسليما.

* سایتی دەنگی ئیسلام سەرچاوەی ئەم بابەتەیە.